# ستراتیژی نوێی ئەمریکالەهەڵبژاردنەکانی داهاتوی عێراقدا

**ئەبوبکر ئەحمەد سلێمان**
bahman@planet.nl



لەچەند ڕۆژی ڕابوردودا ، بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق وباڵوێزی دەوڵەتی ئەمریکازڵمای خەلیلزادە ، ئامادەیی خۆیان بۆ وتووێژ و سازش لەگەڵ سەرجەم گروپەچەکدارەبەهەڵستی کارەکانی عێراقی جگەلە گروپەکەی {زەرقاوی } ڕاگەیاندوە ، هەموئەوگروپەچەکدارانەی کەتادوێنێ بەتیرۆریست وپاشماوەکانی حیزبی بەعسی روخاوناو دەبران ، ئەمڕۆناویان لێ ناون هێزەکانی بەرگری نیشتیمانی {مقاوەمە} ، ئەم ئاڵوگۆڕانەلەسیاسەت وستراتیژی ئەمریکاسەبارەت بەئایندەی عێراق لەدوای ئەوەدێن ، کەسەرجەم دەوڵەتانی ناوچەکەودنیانیگەرانی خۆیان سەبارەت بەمەترسی دابەش بونی عێراق لەسەردەستی ئەحزابی کوردوشیعەنیشان داوە ، تەنانەت سەردانەکەی ئەم دوایانەی بەڕێز کاك مسعودبارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بۆ ئەمریکاوبەشێکی زۆرلەوڵاتانی ئوروپا ، هەرپەیوەندی هەبوبەئاڵوگۆڕی سیاسەت وستراتیژی ئەمریکاسەبارەت بەئایندەی عێراق وناوچەکە . .

پێداگرتن وسور بونی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردو شیعەمەزهەب لەسەر سیستمی فیدراڵی خاڵی سەرەکی وبنەڕەتی سەرهەڵدانی نیگەرانی ومەترسی دەوڵەتانی ناوچەکەودنیا سەبارەت بەدابەش بونی عێراق پێك دەهێنن ، کەبەتایبەتی مەتڵەبی دەسەڵاتێکی فیدراڵی لەناوچەشیعەنشینەکانی خواروی عێراق ئەونیگەرانی ومەترسیانەی جددی ترکردۆتەوە ، ئاخرئامانجی ئەحزابی کوردستانی وشیعەمەزهەب لەسیستمی فیدراڵی ئاڕاستەیەکی ڕۆشنی هەیەبەرەوجیابونەوەودابەش بونی عێراق ، بەنیسبەت ئەحزابی شیعەوە ، ئەوەندەی دەسەڵات ودەوڵەتێکی ئیسلامی بەلایەنەوەگرنگ وبایەخدارە نیوئەوەندە بیرلەناسیۆنالیستی عەرەبی وپاراستنی یەکێتی ویەکپارچەیی خاکی عێراق ناکەنەوە ، ئەوسیاسەت وستراتیژە بۆئەحزابی کوردستانیش هەروایە ودەیانەوێت هەموهەنگاوێکیان بکەنە پردەبازبۆگەیشتن بەدەسەڵات ودەوڵەتێکی سەربەخۆ ، بۆیەئامانج وستراتیژی ئەحزابی کوردستانی وشیعەمەزهەب زۆرلەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقدایەك ناگرێتەوەو هەربەومانایەش یەکێتی ویەکپارچەیی خاکی عێراق لەسەردەستی ئەم دوهێزەقابیلی ڕاگرتن وپاراستن نیە .

تەنهالایەنێك کەبەرژەوەندی لەگەڵ پاراستنی یەکێتی ویەکپارچەیی خاکی عێراقدادێتەوە عەرەبی سوننەیەوزەرەرمەندی یەکەمیش لەدابەش بونی عێراقداهەرئەوانن ، کەواتەپاراستنی یەکێتی ویەکپارچەی خاکی عێراقیش هەرلەسەردەستی ئەوان دێتەدی وبەبێ لەمەیداندابونی دەسەڵاتی ئەوان نیگەرانی ومەترسی دابەش بونی عێراق هەردەمێنێت ، لەسەرئەساسی ئەم لێکدانەوەیە بەبڕوای من ئەگەری دابەش بونی عێراق بۆخودی ئەمریکاش بۆتەجێگای نیگەرانی ، ئەگەرپێشتریش ئەمریکابیری لەدابەش بونی عێراق کردبێتەوە بەمەبەستی لاوازکردنی جێگەوڕێگەی ئەم وڵاتە ، وەك بەهێزترین پشتوپەنای ناسیۆنالیستی عەربی وڕەقیبی سەرسەختی دەوڵەتی ئیسرائیل وبەرژەوەندیەکانی خۆی لەناوچەکەدا ، ئەمڕۆبەهۆی هەڕەشەی ئەحزابی شیعەمەزهەب لەچەسپاندنی سیستمی فیدراڵی لەخواروی عێراق ومەترسی سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی

ئیسلامی ، ئەمریکالەم ستراتیژەبۆئایندەی عێراق پاشگەزدەکاتەوەوناچاری دەکات بەدوای ئاڵتەرناتیڤێکی دیکەدابگەڕێت کەبتوانێت بەربەست ومەوانع لەبەردەم ئەومەترسیانەدابنێت .

من پێم وایە ئەوئاڵتەرناتیڤەش عەرەبی سوننەیەکەئەمریکابەدوایدادەگەڕێت ، هەرئێــــــستا زڵمای خەلیل زادە باڵوێزی دەوڵەتی ئەمریکالەعێراق بەهاوکاری بەڕێز تاڵەبانی ڕاستەوخۆسەرگەرمی ســــــازش وگفتوگۆیەلەگەڵ هێزەچەکدارەپەڕش وبڵاوەکانی بەرهەڵستی کاروپاشماوەکانی حیزبی بەعسی ڕوخاو ، بەمەبەستی هێنانەوەمەیدانی هێزودەسەڵاتی سوننەگەرا وڕاست کردنەوەی معادەلاتی سیاسی لەبەرژەوەندی ئامانجەکانی ئەوشەڕەوپێشگرتن لەمەترسی ومەتڵەبی فیدراڵی ودەسەڵاتی شیعەمەزهەب لەعێراقدا ، هەربۆیەش ئەم هەویرەئاوزۆردەکێشێت وئەحزابی شیعەمەزهەب بەتوندی لەدژی ئەم حەرەکەتەی ئەمریکادەوەستنەوە وبەئاشکرانیگەرانی خۆیان لەهێنانەوەمەیدانی پاشماوەکانی بەعس ودەسەڵاتی عەرەبی سوننەنیشان داوە ، ئیبراهیم الجعفری وعبدولعزیزالحکیم لەچەندین ڕاگەیاندنی خۆیاندا وتویانە هێزی بەرگری نیشتیمانی عێراقی {المقاومە}ئێمەین نەك تیرۆریستان وپاشماوەکانی بەعس .

جەمسەرێکی دیکەی کێشەومەوانعەکانی بەردەم ئاڵوگۆڕی سیاسەت وستراتیژی ئەمریکاسەبارەت بەئایندەی عێراق ئەحزابی کوردستانیە ، چەسپاندنی سیستمی فیدراڵی لەعێراق دالەسەرەتاوەداخوازی ئەساسی ئەحزابی کوردستانی بوە ، ئێســــــتابەهۆی مەترسی بەرفراون بونی دەسەڵاتی ئەحزابی شیعەمەزهەب لەڕێگای سیستمی فیدراڵی یەوە ، خودی چەمکی فیدراڵیزم سەبارەت بەسیستمی دەسەڵاتی ئایندەی عێراق بۆدەوڵەتی ئەمریکابۆتەجگای گومان ونیگەرانی ، ئێستادەوڵەتی ئەمریکالەهەوڵی ئەوەدایەبەشێوەیەك لەشێوەکان پاشەکشەلەپشتیوانی ئەم مەتڵەبەی ئەحزابی کوردوشیعەبکات وزیاتردیفاع لەیەکێتی ویەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات ، یەکەم هەنگاوی سیاسی وعکس العملی دەوڵەتی ئەمریکاسەبارەت بەڕەت کردنەوەی چەمکی فیدرالیزم ، ئەوەبولەکاتی نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراقدافشــــارێکی جددی خستەسەرئەحزابی کورد وشیعە ، کەڕازی بن بەوەی پارلەمانی هەڵبژێردراوی ئایندەی عێراق هەقی ئەوەی هەبێت دەست کاری لەدەستوری هەمیشەییدا بکات ، ئەوەش مانای ئەوەیەهەرچی یەك کەتائێســــــتالەدەستوری هەمیشەیی عێراقداچەســــپاوە ، ئەنجومەنی نیشتیمانی هەڵبژێردراوی نوێ بۆی هەیەبەزۆرینەی دەنگ دەستکاری بکات وهەڵی بوەشێنێتەوەبەمەسەلەی فیدراڵیشەوە ، لەلایەکی دیکەوە کۆبونەوەی ئامادەکاری کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقی لەقاهرەلەسەردەستی کۆمەڵەی کۆمکاری عەرەبی هەنگاوێکی جددی وڵاتانی عەرەبی یەشان بەشانی هەوڵەکانی ئەمریکابەرەوپێشگرتن لەدابەش بونی عێراق وکەم ڕەنگ کردنەوەی داخوازی ومەتڵەبی سیستمی فیدراڵی لەو وڵاتەدا . .

ئەبوبــــکر ئەحمد سلێمان
هۆڵــــندا 30-11-2005